گوڤارا ئەکادیمی یا زانکویا نەوروز (المجلة الأكاديمية لجامعة نوروز)، پ.١٣، ژ. ٢، ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر ©2017. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة
المشاع الابداعي النسبي – CC BY-NC-ND 4. 0،
e-ISSN: 2520-789X
https://doi.org/10.25007/ajnu.v13n2a2061

# میکانیزمی داڕشتنی چاوگەکان لە بواری زاراوەسازیدا

## (مستل – هەڵێنجراو)

م.ی کەمال محەمەد ئۆمەر، مامۆستای لە بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر
پ.د. سەباح ڕەشید قادر، مامۆستا لە بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر

**پوختە:**

چاوگ بزوێنەری سەرەکی داڕشتە ڕێزمانییەکانی زمانی کوردییە و کارگەی بەرهەمهێنانی وشە و دەستەواژە و کەرستەی زمانە و باشترین و بەکارترین هۆی پاراستن و مانەوە و پەرەسەندن و دەوڵەمەندبوونی زمانە.

بێگومان هەر بەشێکی زمان گرنگیی خۆی هەیە و پێویستە بۆ زمان و تەواوکەری بەشەکانی دیکەی زمانە، بەڵام چاوگ جودایە و ڕۆڵ و ئەرکیشی جودایە و گرنگییەکەی لە کەرستەکانی تری زمان پتر و بەرچاوترە. بۆیە پێویست بەو لێکۆڵینەوە بوو، کە خۆی لە چەند بابەت و بوارێک دەنوێنێت، ئەوانیش: داڕشتەی چاوگەکان، بواری چاوگ و زاراوەی یاسای، بواری چاوگ و زاراوەی کارگێڕی، بواری چاوگ و زاراوەی ئابووری، بواری چاوگ و زاراوەی ڕامیاری، بواری چاوگ و زاراوەی کۆمەڵایەتی، هەروەها بواری چاوگ و زاراوەی سەربازی، دوایین بوار، بواری چاوگ و زاراوەی پزیشکی دەگرێتەوە، کە هەر یەکێکیان بەشی خۆی سەرنجی دراوەتێ و لێی کۆڵراوەتەوە. دوایش لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

**کلیلە وشە**

چاوگ، وشە، زاراوە، واتا.

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لە نامەی دکتۆرا، بە ناونیشانی (چاوگ لە زمانی کوردی لە نێوان ڕێزمانی کۆن و نوێ دا). سەرەتا بە پوختە دەستی پێکردووە، ئینجا ناونیشانی توێژیەوەکەیە، (چاوگ و زاراوە)، پاشان تەوەرەکانی توێژینەوەکە، کە چەند تەوەرێکن.

یەکەمجار بە چاوگ و زاراوەی پەروەردە و فێرکردن، دەستی پێکردووە، کە نموونەی هەندێک چاوگی بەکارهاتوو لەو بوارە هەستیارە ئاماژەی بۆ کراوە و بە چەند ڕستەیەکیش پتر ڕوونکراوەتەوە. دوای ئەوە چاوگ و زاراوەی یاسای خراوەتەڕوو. ئەوجا سەرنج دراوەتە چاوگ و زاراوەی کارگێڕی و نموونە و ڕستەی پێویستی لەگەڵ دراوە. پاشان چاوگ و زاراوەی ئابووری هاتووە کە ئەویش بوارێکی دیکەی توێژینەوەکەیە، بە نموونە و ڕستەوە. ئەوجارە چاوگ و زاراوەی ڕامیاری خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، ئەویش دیسان بە نموونە و چەند ڕستەیەک. بوارێکی گرنگی تر کە خراوەتەڕوو، چاوگ و زاراوەی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، کە بە نموونە ڕستەی پێویست داڕێژراوە. بواری دی، چاوگ و زاراوەی سەربازی، سەرنجی دراوەتێ و بە نموونە و ڕستە بەرجەستە کراوە. دوایین تەوەریش، چاوگ و زاراوەی پزیشکی لەخۆدەگرێت. کە ئەویش بوارێکی بەبایەخە و نموونەی پێویست و ڕستەی دروستی تێدا جێگیرکراوە.

توێژینەوەکەش بە سەرچاوەکان کۆتایی هاتووە، دوای ئەوە پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی نووسراوە.

**گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە یەکجارە هەوڵدەدا پۆلینی چاوگەکان بەپێی جیاوازی تایپۆلۆجی زمانەکان دیاریبکات و پاشان هەوڵیداوە کە دەرکەوتنی چاوگەکان لە بوارە جۆراوجۆرەکان بخاتەڕوو. گرنگی دووەمیان باسکردنە لە چاوگە مەعریفییەکان وەکو چەقی فۆرمەکانی تری چاوگ لە زمانی کوردیدا.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** خستنەڕووی پێکهاتەی چاوگەکان و نیشاندانی چالاکی چاوگەکان لە بوارە جیاجیاکان، پاشان نیشاندانی پێگەی چاوگەکان لە بوارە جیاجیاکاندا، ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیەیە.

**گرفتی توێژینەوەکە:** بەپێی بەکارهێنان و چالاکی چاوگەکانی زمانی کوردی وەکو بنچینەی کار و بەشداریکردن لە داڕشتنی بەشەکانی تری ئاخاوتن، وایکردووە نەتوانین لە یەک ڕەهەندەوە و بە یەک تێڕوانین چاوگەکان پۆلینبکرێن، بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵی چارەسەری ئەم ئاریشەیەی داوە.

## یەکەم: چاوگ و زاراوە:

سەرەتا بەوە دەستپێدەکەین، کە وشەی چاوگ خۆی، بەسەرێک وەکو زاراوە بەکاردێت، بەواتای سەرچاوە، سەرچاوەی هەواڵ. بەڵام ئێمە لێرە مەبەستمان چاوگەکانی زمانی کوردییە، کە بەشێکیان بوونەتە زاراوە و لە بار و بوارە جیاکان و کاروباری گشتی بەکاردەهێنرێن، وەکو بواری پەروەردە و فێرکردن و زانین، بواری یاسایی و ڕامیاری و بواری بەڕێوەبردن و ئابووری و بازرگانی و دەروونی و سەربازی و بواری دیکە...

بێ گومان تێبینی دەکرێ و دەبێ ئاگامان لەوەبێ و ڕەچاوی ئەوە بکەین، کە هەندێک زاراوە هاوبەشن لە هەموو یان زۆربەی ئەو بوارانەی کە لێکۆڵینەوەمان دەربارەیان کردووە، بەنموونە:

هێرشکردن لە بواری (سەربازی، یاسایی...) هەیە.

ئەوجا، بۆ سەلماندنی ڕۆڵی زاراوەی چاوگ و بۆ ئاسانی و باشتر ڕوونکردنەوە، بەشێکی ئەو بوارانە بەجودا دەخەینەڕوو،

چاوگ لە هەموو بار و بوارەکانی زمان و ژیان و پەروەردە و فێرکردن و کاروباری بەڕێوەبردن و ئابووری و یاسایی و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و بواری دیکە...، جێ و ڕۆڵیان بەرچاو و ڕوونە.


زاراوەی چاوگ، واتە بەکارهێنانی وشەی چاوگی ئاسایی زمان لە بواری تایبەت، وەکو بواری پەروەردە و فێرکردن، بواری بەڕێوەبردن، بواری یاسا و رامیاری، هەروەها بواری دیکە.

ئەوجا، هەرچەندە چاوگەکان بەگشتی، هاوکار و بەشدارن لە دانان و داڕشتنی زاراوەکان، بەڵام لەو بوارە، چاوگە چالاکەکان زیاتر دیار و بەکارن و بەکارهێنانیان زۆرترە لە چاوگەکانی تری زمان.

بۆ زانین و سەلماندنی ئەو ڕووبەرە فراوانەی کە چاوگ دایگرتووە لە بواری زاراوە و زاراوەسازی، وا لێرە، بە نموونە لە چەند بوار و کاروبارێک، نەخشی چاوگ دیاری دەکەین:


١- چاوگ و زاراوەی پەروەردە و فێرکردن
٢- چاوگ و زاراوەی یاسای
٣- چاوگ و زاراوەی کارگێڕی
٤- چاوگ و زاراوەی ئابووری
٥- چاوگ و زاراوەی ڕامیاری
٦- چاوگ و زاراوەی کۆمەڵایەتی
٧- چاوگ و زاراوەی سەربازی
٨- چاوگ و زاراوەی پزیشکی

لێرەدا پێویستە باس لە دیاردەی بە خشتەکردن (Paradigm) بکرێت. لە خشتەکردنی پارادایمیدا تیایدا چاوگەکە بەر لە وەرگرتنی پاشگر و پێشگرەکان دەبێ. بەو شێوەیە چاوگەکە جۆرە گرێیەک لەگەڵ فۆڕمەکانی تریدا دروستدەکات. خودی چاوگەکە دەبێتە چەقی ئەو گرێیە و فۆڕمەکانی تری دەبن بە گرێی مەعریفی ئەو چەقە. بنەڕەتی خشتەکە بەمشێوەیەیە:




هێلکاری ژمارە (١)
داڕشتەی چەقی گرێی مەعریفی

هەر یەک لە تۆڕە پێکهاتنی ئەو پارادایمانە، دارشتەی فۆڕمێکی زمانین کە خۆی لە دارشتە و پێکهێنەری چەمکەکان زمان دەبینێتەوە. واتە؛ هەر چەمکێکی واتایی لەو شێوەیە بهێنین، دەبینین چەقی گرێ مەعریفییەکە دەبێتە دارشتەی فۆڕمە زمانییەکەی بۆ گەیاندنی واتایەکی دیارکراو و سەربەخۆ کە دوورە لە فۆڕمی چەقەکە. بۆ ڕونکردنەوەی ئەم دۆخە، لە پارادایمی گرێی مەعریفی چاوگی (کردن) دەڕوانین:




هێڵکاری ژمارە (٢)
فۆڕمە جیاوازەکانی گرێی چەقی مەعریفی


هەروەک دەبینین چەقی هەر یەک لەو فۆڕمە جیاوازانە، لە ڕێگەی چەقی گرێ مەعریفییەکەوە دروستبووە. هەر یەکێ لەو فۆڕمانەش، بەپێی مەودای جیاوازی بەکارهێنانیان، دەتوانن وەکو فۆڕمی سەربەخۆ دەربکەون و ئەرکە سینتاکسی و سیمانتیکیەکان بە دروستی بەجێبگەیەنن. بۆ نمونە فۆڕمی (پڕکردن) لەم نمونانەی خوارەوە وەردەگرین:

ا- تانکییەکەم پڕکرد.
ب- سکی خۆم پڕکرد.
ج- مێشکیان پڕکرد.

هەروەک ئاشکرایە هەر یەک لەو فۆڕمانەی چەقی گرێیە مەعریفییە، خاوەن فۆڕم و واتایەکی تایبەت و دیارکراون. لە (ا)دا بە واتای ئاوتێکردن دێت، لە (ب)دا بە واتای خواردن و لە (ج)دا بە واتای دەستدرێژیکردن هاتووە، کەچی لە بنەڕەتدا چەقی گرێیەکە بە واتای ئەنجامدانی کارێک دێت لە زمانی کوردیدا. هەر ئەم واتایەش ئەو هێزە داینامیکییە بە چەقی گرێیەکە دەبەخشێت و هەروەها وا دەکات فۆڕمە جیاوازەکانی چاوگەکە بتوانێ لە بوارە جیاجیاکاندا دەربکەوێت و ڕۆڵی سەرەکی ببینێت.

## دووەم: لێکدان و بەپێی کردەی دارشتن لە فەرهەنگی عەقڵیدا:


کردەی دارشتن بە شێوەیەکی بنچینەیی لەنێوان چاوگەکان و گیرەکەکاندا ڕوودەدات. چاوگەکان وەکو چەقی گرێیە مەعریفییەکە دەبێتە سەنتەر، لە هەمانکاتدا ئامادەیە بۆ وەرگرتن و ڕۆڵپێدان بە گیرەکەکان، تاکو پێکەوە ڕۆڵی یەکەیەکی فەرهەنگی نوێ ببینن. ئەم کردەیە پێی دەوترێ بەخشتەکردن. بۆ نمونە لە فەرهەنگی عەقڵیدا، چاوگی "کردن" بۆ دارشتنی وشەیەکی ئاڵۆز، یان ناسادە، وەکو چاوگێک لە چێوەی "ناو" تۆمارکراوە، بۆیە تۆڕی پەیوەندییەکەی بەمشێوەیەیە:




هێلکاری ژمارە (٣)
دارشتەی گرێی چەقی مەعریفی پێش کردەی لێکدان


بەم شێوەیە هەر یەکێ لەو چەقانە لە چەند لایەنێکەوە ئامادەگییان تێدایە بۆ پێکهێنانی چەمکێکی نوێ. بۆ نمونە فۆڕمی چاوگێکی وەکو "تۆمارکردن" بە شێوەی "تۆمار+کردن" دەخرێتە دەرەوەی فەرهەنگ. ئەو قۆناغە بە قۆناغی "هەڵبژاردن- Selection" ناودەبرێت. دواتر ناوەکە لەگەڵ وشە لێکدراوەکە لێکدەدرێت بۆ داڕشتنی "ناوتۆمارکردن".

لە کردەی بەخشتەکردندا زۆربەی چاوگە سادەکان بەپێی مەودای بەکارهێنان و چالاکییان، دەتوانن چەندین پەیوەندی جۆراوجۆری نوێ بەرهەمبهێنن و هەر یەک لە فۆڕمە جیاوازەکانی ئەم خشتەیە، دەتوانن وەکو یەکەیەکی فەرهەنگی نوێ دابکرێن و پاشان لە پەیوەندیکردندا بەکاربهێنرێنەوە. بۆ نمونە کردەی بە خشتەکردن لە چاوگی (ژیان) بریتییە لە:




هێلکاری ژمارە (٤)
بەخشتەکردنی چاوگی "ژیان"

بەمشێوەیە كردەی بەخشتەكردن بەسەر هەر یەک لە چاوگەكاندا پیادەدەكرێت، هەر یەک لەم فۆڕمانەش دەتوانن ببنە نمایندەی بیرۆكەیەكی نوێ لە ئاوەزی ئاخێوەراندا.
بە هەمان شێوە ئەو كردەیە دەچێتە ناو كردەی ژمێركاری "Computation" كە دواجار بە داڕێشتن "Derivation" كۆتایی دێت، جا چ بۆ ڕستە، یان وشەی ناسادە بەرهەمدەهێنێت. هەر لەسەر ئەم بنەمایە پەیوەندیی واتایی و ڕێزمانی چاوگەكە فراواندەبێت و بەمەش تۆڕی سیمانتیكی فراواندەبێت كە پشتبەست بە فۆڕمە ڕێزمانییەكەی دێتەئاراوە، ئەم پەیوەندییە دەربارەی چاوگی "نوسین" دەخەینەڕوو:




هێلكاری ژمارە (٥)
گرێی مەعریفی چاوگی "نوسین" (بڕوانە: Lobner:2021:3)

هەروەها چاوگەكان بەپێی جۆری زمانەكان شیكردنەوەیان دەگۆڕێت. چاوگ لە زمانی كوردیدا لە جۆری (Gerund) بەرانبەر (بنج+ ing)ی زمانی ئینگلیزی دەوەستێت، كەچی جۆرەكەی تری چاوگ لە زمانی ئینگلیزی بە (Infinitive) ناودەبرێت كە دەكرێت كەرستەكانی (Base+ to) یەكتریگرن لە كردەی (Merge)دا لە كاتی پۆلكردنیاندا و لە فەرهەنگی عەقڵیدا لە چێوەی چاوگێكی كاتی (Tense) لێكدەدرێت (بڕوانە: Radford:2004:68).

بەم شێوەیە داڕشتەی هەر یەک لە چاوگەكان لە زمانی كوردیدا بە میكانیزمی جۆراوجۆر پێكدێن و وەكو یەكەیەكی مەعریفی لە فەرهەنگی عەقڵیدا دادەكرێن، پاشان لە كاتی پێویستدا دەگەڕێندرێنەوە و بەكاردەهێنرێنەوە، دەركەوتنی هەر یەكێكیان پەیوەستە بە بوار و مەودایەكی دیاریكراوەوە، بۆیە لە لاپەڕەكانی دواتردا باسی هەندێک لە چاوگەكانی زمانی كوردی و بواری بەكارهێنانیان دەخەینەڕوو.

### ٢-١ چاوگ و زاراوەی پەروەردە و فێركردن

لە بواری پەروەردە و فێركردن، ژمارەیەكی زۆر چاوگبەكاردێن بۆ ناساندن و ڕوونكردنەوەی كاروبار و بابەت و ڕێوشوێن و ڕێنماییەكانی تایبەتی پەروەردە و زانین. پتری ئەو چاوگانەش ئەوانەن كە لە ژیانی ڕۆژانە و دوان و نووسین زۆرتر بەكاردەهێنرێن، واتە چالاكترن. نموونەیان:
كردن، بوون، دان، كەوتن، ...زۆری تریش، كە بە باری ناسادەیی خۆدەنوێنن و بەو شێوە بەرچاوترن.

بۆ سەلماندنی پێگەی چاوگ لە دانان و داڕشتنی زاراوەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن و زانین، وا لێرە کۆمەڵێک زاراوەی لە چاوگدروستکراوی بەکارهاتوو لەو پسپۆرییانە دەخەینە بەرچاو:

| | |
|---|---|
| ئامادەبوون: ئامادەبوون لە پۆل، ئەرکی شاگرد و زانیارانە. | ناوتۆمارکردن |
| پەروەردەکردن | وەڵامدانەوە |
| پرسین | ئامادەکردن |
| پرسیارکردن | تێگەیشتن |
| تاقیکردنەوە | تێگەیاندن |
| تۆمارکردن | دەرچوون |
| خوێندن: خوێندن مافی هەموو کەسێکە. | دەرنەچوون |
| فێرکردن | ڕێزگرتن |
| لەبەرکردن | ڕێزکردن |
| لێ پرسین | نەهاتن: نەهاتنە پۆل ئەنجامی خراپە. |
| نووسین | گوێگرتن: تێگەیشتن ئەنجامی بەباشیی گوێگرتنە. |
| ناونووسین | هەڵسەنگاندن |

وەرگیراوە لە: فەرهەنگی خاڵ، (٢٠٠٥)، شێخ محەمەدی خاڵ، چاپی دووەم، هەولێر.

## ٢-٢ چاوگ و زاراوەی یاسایی

لە بواری یاسایی، چاوگ ڕۆلی دیار و بەرچاوی هەیە، ئەویش بەهۆی بەشداریی لە دانان و داڕشتنی زۆر زاراوەی یاسایی، کە لە ڕ ڕوونکردنەوە و جێ بە جێ کردنی یاسا و ڕێنماییەکان پێویستن. ئەوجا چاوگەکان بەگشتیی و چاوگە چالاکەکانیش بەتایبەتیی پتر دیار و هاوکار و بەشدارن لەو بوارە، کە وا ڕوونی دەکەینەوە. بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| بڕیاردان | دەست بەسەرداگرتن |
| بەیاسایی کردن | نیشتەجێکردن |
| تۆمەت بارکردن | ئازادکردن |
| ڕەچاوکردن | هەڵبژاردن |
| لادان | جاردان |
| تاوانبارکردن | ماف زەوتکردن |
| ناچارکردن | دەنگدان |
| بەدڕەفتارکردن | پەرپووتبوون |
| پرس پێ کردن | ڕاگرتن |
| سوێنددان | دواخستن |
| خۆبەدەستەوەدان | دواکەوتن |
| خراپ بەکارهێنان | |

وەرگیراوە لە: فەرهەنگی قانوونی، (٢٠١٣)، نووری تاڵەبانی، چاپی شەشەم، هەولێر.

## ٢-٣ چاوگ و زاراوەی کارگێڕی

چاوگ ڕۆل و بەشداریی بەرچاوە لە دروستکردنی زۆر زاراوەی کارگێڕیی یان بەڕێوەبردن. لەو مەیدانەش چاوگە چالاکەکان بەشیان پترە و بە داڕشتن و لێکدان و ئاوێتەیی زۆر زاراوەیان لەو بوارە پێکهێناوە، کە لەو بەشەی لێکۆڵینەوە ئەم چوارەیان دەخەینەڕوو:

**کردن**

| | |
|---|---|
| ئامادەکردن | دەربازکردن\رزگارکردن |
| ئاڕاستەکردن | دەرکردن |
| ئاسانکردن | دەست پێشخەری کردن |
| ئاشکراکردن | دەستگیرکردن |
| ئاڵوویرکردن | دەستەبەرکردن |
| ئاودیوکردن | ڕادەستکردن |
| ئاوێتەکردن | ڕەچاوکردن |
| ئەنبارکردن، داکردن | ڕەهاکردن |
| بارمتەکردن، ڕەهن کردن | ڕووبەڕووکردن |
| بەد ڕەفتارکردن | ڕوونووسکردن، کۆپی کردن |
| بێزارکردن | ڕیزکردن |
| پاشەکەوت کردن (پاشەکەوت) (Building a large: 3) | کارکردن (ڕێساکانی کارکردن) |
| پاکتاوکردن | چۆلکردن، بەتاڵ کردن |
| پڕکردن | بارکردن |
| پەسندکردن | سکاڵاکردن |
| پێشکەش کردن | سووکایەتیی کردن بە دادگە |
| تەرخان کردن | سەرزەنشت کردن |
| تۆمارکردن | بەڕێکردن (شاندکردن) |
| تۆمەتبارکردن | گەشەکردن |
| تێ کردن | کپ کردن |
| تیرۆرکردن | کارپێ کردن |
| جێگیرکردن | مافی قسەکردن |
| جێبەجێکردن | مەشق پێ کردن |
| جێبەجێنەکردن | مۆرکردن |
| چاپکردن | ناچارکردن |
| خۆکردن(خۆکردن بە کەسێکی کە) | نەکردن |
| خەرج کردن | نیشان کردن |
| دابین کردن | هەژمارکردن |
| دروست کردن\بیناکردن | هەموارکردن |

**بوون**

| | |
|---|---|
| ئامادەبوون | دەستبەرداربوون |
| ئاوابوون | دەستتێدابوون |
| بەشداربوون(بەشداربوون لە قازانج) | دەوڵەمەندبوون |
| پەیدابوون | ڕیزبوون |
| پەیوەستبوون\پەیوەندبوون | سەرەنگری بوون |
| پابەندبوون | فێربوون |
| جێگیربوون | گرژبوون |
| دەست بەکاربوون | |

**دان**

| | |
|---|---|
| ئازاردان | دەستێوەرنەدان |
| برەودان | ڕێپێدان |
| بڕیاردان | سزادان(قانوونی سزادان) |
| بەردان | سەردان |
| بەفیڕۆدان | شیردان |
| بواردان | فریودان |
| پارەدان | قاودان |

| | |
|---|---|
| پەلاماردان | قەرزدان |
| خۆبەدەستەوەدان | لادان |

| | **کەوتن** |
|---|---|
| دەرکەوتن | فریاکەوتن |
| دواکەوتن | کەوتن |
| ڕێککەوتن | لەکارکەوتن\پەککەوتن |
| شوێنکەوتن | لەگەڵکەوتن |

وەرگیراوە لە: زاراوەی کارگێری، (٢٠١٢)، لێژنەی فەرهەنگ لە ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

## ٢-٤ چاوگ و زاراوەی ئابووری

یەک لە ئەرکەکانی زاراوە، (وەزیفەی ئابووریی)یە (فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی: ٣٠٠). لە بواری ئابووریش، چاوگ ڕووبەرێکی گەورەی داگرتووە لە دانانی زاراوەی پێویست و دروستی ئەو لایەنە گرنگەی ژیان. بەم شێوەیە:

- داهات (داهاتن)
- پاشەکەوتکردن
- باج وەرگرتن
- تێکەولێکەکردن

وەرگیراوە لە: فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی (٢٠١١)، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، سلێمانی.

## ٢-٥ چاوگ و زاراوەی ڕامیاری

لە بواری ڕامیاریی، چاوگ ڕووبەرێکی گەورەی داگرتووە لە دانانی زاراوەی پێویست و دروستی ڕامیاریی کە لایەنێکی گرنگی ژیانی ئەوڕۆ و دوێنێش بووە. هەروەهاش  بەم شێوەیە:

| | |
|---|---|
| پارەسپییکردنەوە | خۆماڵیی کردن |
| لکاندن | دابڕان |
| پاڵاوتن | دەس تێوەردان |
| پاڵاوتنی  ئەتنیکی | ڕێکخستن |
| پەرەسەندنی سیاسی | دەنگدان (مافی دەنگدان) |
| پێکهاتن\ڕۆنان | مانگرتن |
| جیهانیی بوون | هاندان\هەڵفڕاندن |
| چەقبەستن | هەڵبژاردن |
| چەک داماڵین | |

وەرگیراوە لە:

- فەرهەنگی زانستی سیاسی، (٢٠١٠)، ئەحمەد شەبانی. چاپی یەکەم. سنە.
- فەرهەنگی زاراوەی سیاسی هاوچەرخ، (٢٠١٠)، ئەحمەد شەبانی، دانشگای کوردستان.

## ٢-٦ چاوگ و زاراوەی کۆمەڵایەتی

چاوگ لە بوار و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، ڕۆڵ و بەشداریی بەرچاوە لە دروستکردنی زۆر زاراوەی کۆمەڵایەتیی. لەو مەیدانەش چاوگە چالاکەکان بەشیان پترە و بە دارشتن و لێکدان و ئاوێتەیی زۆر زاراوەیان لەو بوارە پێکهێناوە، کە لەو بەشەی لێکۆڵینەوە دەیانخەینەدەخەینەڕوو:

بەخێوکردن
ئابڕووبردن: ئابڕووبردن کاری بەدڕەوشتانە.
ئابڕووچوون
ڕێزگرتن
ڕەچاوکردن
سڵاولێکردن: بە سڵاولێکردن پەیوەندیی بەردەوام دەبێ.
باروبووکردن
تێکەڵبوون
گێچەڵپێکردن: گێچەڵپێکردن لە ئینسانی باش ناوەشێتەوە.
لادان

مارەکردن
ژنهێنان
سەردانکردن: خزمایەتی بە سەردانکردنە.
سەرلێکدان
شووکردن
تەڵاقدان (جیابوونەوە)
هەڵخەڵەتاندن (لەخشتەبردن): لەخشتەبردن پیشەی گەندانە.
هەواڵپرسین
یاریکردن

| هەندێ زاراوەی تری زانستە کۆمەڵەیەتییەکان | | | |
|---|---|---|---|
| **کوردی** | **عربي** | **ئینگلیزی** | **سەرچاوە (ل)** |
| بەجێهێشتن | الترک – الهجر | Abandonment | ١٦ |
| ڕفاندن | الخطف | Abduction | ١٦ |
| توانین | القدرة | Ability | ١٦ |
| لەباربردن | الإجهاض | Abortion | ١٨ |
| خالیکردنەوە، بەتاڵکردنەوەی هەڵوونی | التنفیس، التفریغ، الانفعالي | Abreaction | ١٨ |
| ڕاهاتن، خۆگونجاندن | الأقلمة، التأقلم | Acclimatization | ٢٣ |
| بەجێهێنان، جێبەجێکردن | الانجاز | Accomplishment | ٢٣ |
| بەجێهێنان ئەنجامدان | الانجاز | Achievement | ٢٥ |
| تەبابوون گونجاندن | التكيّف التكْييف | Adaptation | ٢٧ |
| خووپێوەگرتن | الأدمان | Addiction | ٢٧ |
| سازان | التوافق | Adjustment | ٢٧ |
| رازی بوون، پەسندکردن | القبول | admission | ٢٨ |
| هەڵگرتنەوە، بەخێوکردن | التّبني | Adoption | ٢٨ |
| پەرستن | العبادة | adoration | ٢٩ |
| پێشخستن | الترقية | advancement | ٣٠ |
| پەیوەندیکردن | الانضمام | affiliation | |
| گردبوونەوە | الجمع | Agglomeration | |
| ڕێککەوتن | الأتفاق | agreement | |
| دامەزراندن | التعيين | appointment | |
| پەسندکردن | التصديق | approbation | |
| ناوبژیکردن | التحكيم | arbitration | |

وەرگیراوە لە: فەرهەنگی چەمک و زاراوەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، (٢٠٢٠)، د. ئەحمەد زەکی بەدەوی وەرگێر؛ محەمەد فاتیح، چاپی یەکەم.

## ٧-٢ چاوگ و زاراوەی سەربازی

لە بواری سەربازیش، کۆمەڵە چاوگێک بەشدار و هاوکارن لە سەرباس و کاروبار و بابەتەکانی مەیدانی سەربازیی، کە چاوگە چالاکەکان سەرمەشق و زۆرترینیانن، وەکو ئەمانە:

| کردن | |
|---|---|
| داگیرکردن | هەڵاتن و ڕاکردن |
| هێرش کردن | شەکەت کردن |
| تاریک کردن | دزەکردن |
| تەقەکردن: فەرمانی تەقەکردن | باردیارکردن |
| ئازادکردن\داگیرکردن | پلانی بارکردن |
| جێگیرکردن | کۆمەڵی بارکردن |
| ئاڵوگۆڕکردن: دیلی جەنگ ئاڵوگۆڕکردن | بەرپرسی بارکردن |
| بەهێزکردن\پتەوکردن | نەخشەکردن: پێوەری نەخشەکردن |
| دیارکردن | ئاگردان، تەقەکردن |
| سەرکردایەتی کردن | پتەوکردن |
| چەتر ڕەهاکردن | ڕزگارکردن |
| پوختەکردن: زانیاری پوختەکردن | خۆبارگەدارکردن\خۆبارگەکردن\خۆتەیارکردن |
| بارکردن، سوارکردن | |

| بوون | |
|---|---|
| دەربوون\تێوەڕەتبوون | تەیاربوون |
| بوون | دیاربوون |
| پلانی فێربوون | جێی پیادەبوون |
| لەفەرماندابوون\بەفەرمانبوون | سواربوون |

| دان | |
|---|---|
| حەشاردان | پازدان |
| بڕیاردان | ئاگردان |
| گەمارۆدان، ئابلۆقەدان | تێکدان |
| کرداری دەورەدان | خۆهەڵدان |
| لەهێڵەکانی دواوەدان | هەڵوێست پێشاندان |
| خۆبەدەستەوەدان | سیستەمی پێدان |
| پاشەرۆک لادان | توانی لێدان |
| پێکدادان | |

وەرگیراوە لە: فەرهەنگی زاراوە سەربازییەکان، (٢٠١١)، محەممەد وەسمان، (ئینگلیزی – عەرەبی - کوردی)، هەولێر.

## ٨-٢ چاوگ و زاراوەی پزیشکی

لە بواری پزیشکیش، چاوگ ڕۆڵ و بەشداریی بەرچاوە لە دروستکردنی زۆر زاراوەی ئەم مەیدانە. ئەویش دیسان بە داڕشتن و لێکدان و ئاوێتەیی زۆر زاراوەیان لەو بوارە پێکهێناوە، کە لەو بەشەی لێکۆڵینەوە ئەمە دەخەینەڕوو:

| چاوگ | سەرچاوە | چاوگ | سەرچاوە |
|---|---|---|---|
| هەست بەقورسایی نەکردن | ل١٠ | مۆرانەتێدان | ل١٧ |
| نەڕۆیشتن | | تاودان | |
| کەم کردن | | توندبوون | |
| | | ڕوودان- قەومان | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| لەتەوەرەلادان<br>ئاوی زگ دەرهێنان<br>سەیرکردن، پشکنین<br>دوورخستنەوە، لادان | ل١١ | ڕاهاتن<br>سازان- ڕێکخستن- گونجان<br>مامانیکردن<br>ترشان | ل١٨ |
| لادان لەڕێی ئاسایی<br>دواخستن، پەککەوتن<br>شتن، شوشتن<br>لەخۆوەلەبارچوون | ل١٢ | ڕەنگ نەگرتن<br>ڕەنگ نەمان | ل١٩ |
| جیابوونەوە<br>کێم کردن | ل١٣ | ترش دروستکردن<br>خوێن ترسبوون | ل٢٠ |
| بنەبڕکردن<br>مژین<br>خۆڕاگرتن<br>خراپ بەکارهێن<br>توانای ژمارەنابوون<br>ڕەقبوون و نەچەمینەوە | ل١٦ | هەستی بیستن<br>دەنگ جیانەکردنەوە<br>چوارپەل سڕبوون | ل٢١ |

وەرگیراوە لە:

- فەرهەنگی پزیشکی، (٢٠٠٩)، د. ئەوڕەحمان عەبدوڵلا، چاپی دووەم، هەولێر.
- فەرهەنگی پزیشکیی/پزیشکیی ددان، (٢٠١١)، د سعید عبداللطیف عبدالكريم، چاپی دووەم.

## ٩-٢ چاوگ و واتا

لەڕووی واتاوە، دەتوانین سێ دیوی چاوگ دیاریی بکەین. ئەوانیش:

- چاوگی واتانادیار یان چاوگی بێ واتا
- چاوگی ئاسایی یەک واتا: هەموو چاوگەکانی زمانی کوردیی دەگرێتەوە.
- چاوگی دوو واتا یان پتر: چاوگەکانی زمانی کوردیی دەگرێتەوە، ئەوانی لە واتایەک پتریان هەیە، لە ڕستەش هەندێ جار تەمومژیی دروست دەکەن. وەکو:
  - لێ گەڕان باشترە لە لێ گەڕان.

١- بە واتای بەدواداچوون دێت، کە باشترە لە وازهێنان.

٢- بەواتای وازهێنان دێت، کە باشترە لە بەدواداچوون.

- چاوگی واتانادیار یان چاوگی بێ واتا: ئەو کۆمەڵە چاوگانەن کە خۆیان بەتەنیا واتایەکی دیاریان نییە، یان بە چاوگی بێ واتا ناسراون، هەرچەندە ئەو چەشنەی چاوگ، بە شێوە پێوەری ئاسایی چاوگیان پێوەدیارە، لە کۆتاییهاتن بە (ن)ی چاوگ و بوونی نیشانەکانی چاوگ، کە نیشانەی کاتن، بەڵام واتای تەواو و ڕوون ناگەیەنن بە بێ هاوکاریی و بەشداریی گیرەک، پێشگر یان پاشگر یان وشە و کۆلکەوشە. واتە لە رووی واتاوە پێویستیان بە کەرستەی تری زمانە بۆ گێڕانەوەی واتایان، یان ڕوونبوونەوەی واتایان. ئەو چاوگانەش بەگوێرەی وەرگرتنی گیرەک دەبنە سێ بەش:
  - ئەو چاوگە واتانادیارانەی کە پێشگریان پێویستە:
    - بواردن: ڕا + بواردن = ڕابواردن.
    - ئەو هاوینە خۆشمان ڕابوارد.
    - مەزران: دا + مەزران = دامەزران.
    - دان پاش سێ ساڵان چاوەڕوانیی دامەزرا.
    - ستان: هەڵ + ستان = هەڵستان.
    - پلە زولێخا زوو لە خەو هەڵدەستێت.
    - وەشان: دا + وەشان = داوەشان.
    - تووتکان: هەڵ + تووتکان.

- ئەرێ ئەوە بۆ لێرە هەڵتووتکاوی؟

- ئەو چاوگە واتانادیارانەی کە پاشگریان پێویستە:
  - شاردن: شاردن + -ەوە = شاردنەوە.

وەرگیراوە لە: چاوگی بێ واتا لە زمانی کوردی دا: هۆ و چۆنیەتی بەکارهێنانی لەم زمانەدا، (١٩٧٣)، دکتۆر نەسرین فەخری، بەغدا.

## ئەنجام

- چاوگ، کە بزوێنەری زمانی کوردییە، پەیوەندی بە بار و بوارە جیاوازەکانی زانین و ژیانە، بە خوێندن و پەروەردە و فێرکردن و زانین و زانست و... هەیە، بە گوتن و نووسین و هەر شێوەیەکی دەربڕین.
- چاوگ بە هەردوو باری کردن و نەکردن، بەشدار و بەکار و بەبەرهەمە.
- چاوگ سەرەیە و کار بەرەیە، چاوگ بە هەردووکیان، یان بە هەردوو باران، سەرەیی و بەرەیی کاری پێویست دەکات، ئەرکی خۆی جێ بە جێ دەکات.
- لە هەندێ بواری جیا، چاوگ دووبارە دەبێتەوە، بە هەمان واتا یان واتای جودا، ئەوەش بەگوێرەی پێویستییە.
- چاوگ سەربەخۆیە و بێ لایەنە بۆ هەمووانە و کەرستەی ئامادەیە بۆ کار و پێویستی.
- زمانی کوردی، لەڕووی واتاییەوە دەوڵەمەندە بە واتای دیار و نادیارییەوە.

## سەرچاوەکان


به زمانی کوردیی (کتێب):

- فەرهەنگی پزیشکی، (٢٠٠٩)، د. ئەورەحمان عەبدوڵڵا، چاپی دووەم، هەولێر.
- زاراوەی کارگێڕی، (٢٠١٢)، لیژنەی فەرهەنگ لە ئەکادیمیای کوردی. هەولێر.
- فەرهەنگی پزیشکیی/پزیشکیی ددان، (٢٠١١)، د سعید عبداللطیف عبدالکریم، چاپی دووەم.
- فەرهەنگی چەمک و زاراوەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، (٢٠٢٠)، د. ئەحمەد زەکی بەدەوی وەرگێڕ؛ محەمەد فاتیح، چاپی یەکەم.
- فەرهەنگی خاڵ، (٢٠٠٥)، شێخ محەمەدی خاڵ. چاپی دووەم. هەولێر.
- فەرهەنگی زاراوە سەربازییەکان، (٢٠١١)، محەمەد وەسمان، (ئینگلیزی – عەرەبی -کوردی)، هەولێر.
- فەرهەنگی زاراوەی سیاسی هاوچەرخ، (٢٠١٠)، ئەحمەد شەبانی، دانشگای کوردستان.
- فەرهەنگی زانستی سیاسی، (٢٠١٠)، ئەحمەد شەبانی. چاپی یەکەم. سنە.
- فەرهەنگی قانوونی، (٢٠١٣)، نووری تاڵەبانی. چاپی شەشەم، هەولێر.
- فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی (٢٠١١)، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، سلێمانی.
- چاوگی بێ واتا لە زمانی کوردی دا: هۆ و چۆنیەتی بەکارهێنانی لەم زمانەدا، (١٩٧٣)، دکتۆر نەسرین فەخری، بەغدا.

بە ئینگلیزیی:

- Building a large Persian Verb Collection: A generative approach, Conference Paper · 2010 authors: Sayed Nasir Khalifesoltani, Shahid Beheshti University.
- Radford. A. (2004), Minimalist Syntax, Cambridge University Press.
- Labner, S. (2021), Frame at the interface of language and cognitive, Dusseldurf University Press.